حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی – هەولێر

فاکەڵتی یاسا – بەشی یاسا

# گونجاندنی هەواڵدان لەبارەی تاوان

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکراوە بە فاکەڵتی یاسا لە زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی – هەولێر ، وەك بەشێك لەتەواوکاریەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەیاسای گشتی.

**ئامادەکردنی فێرخوازان:**


محمود زرار محمود

عگید فرهاد سعید


**لەژێر سەرپەرشتی**


م.ی.کاسترۆ سالم اکرم



2023-2022 ز

1445-1444 ك

بسم الله الرحمن الرحيم

(يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ)

صدق الله العظيم

سورة الحجرات

الآية (6)

# (سوپاس و پێزانین)

لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانین ئاڕاستەی ڕاگرایەتی کۆلێژی یاسا و سەرجەم مامۆستا و فەرمانبەران بکەم بۆ هاوکاری و کارئاسانی لەتەواوکردنی توێژینەوەکەمان ، وە ناتوانین لێرەدا هەوڵ و ماندووبوونی مامۆستای خۆشەویست (م.ی.کاسترۆ سالم ) لەبیر بکەین کە هاوکارمان بوو وەك سەرپەرشتیار لەنووسین و تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.

وە هەروەها سوپاسی بێ پایانمان بۆ خێزان و هاوڕێکانمان کە لەم ماوەیەدا هاوکار و پشتیوانمان بوون. بەهیوای ئەوەی توێژینەوەکەمان لە ئاستی چاوەڕوانی هەموو لایەك بێت.

توێژەران

# ( پێشكەشكردن )

**ئەم توێژینەوەیە كە بریتی یە لە ڕەنج و ماندووبوونی یەك ساڵمان ،  پێشكەش دەكەین بە :**

- **دایك و باوكی خۆشەویستمان ..**
- **سەرجەم مامۆستا و فێرخوازانی بواری یاسا ..**
- **هەموو زانست خوازێكی حەق بێژ..**

**توێژەران**

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| باسی یەكەم : مەبەست لە هەواڵدان | 9 |
| بەشی یەكەم : پێناسەی هەواڵدان | 9 |
| لقی یەكەم : پێناسەی زمانەوانی هەواڵدان | 9 |
| لقی دووەم : پێناسەی دەستەواژەیی هەواڵدان | 10 |
| بەشی دووەم : جۆرەكانی هەواڵدان | 12 |
| لقی یەكەم : هەواڵدانی ئارەزوومەندانە | 12 |
| لقی دووەم : هەواڵدانی ناچاری | 13 |
| لقی سێیەم : هەواڵی درۆ و خۆدزینەوە لە هەواڵدان | 15 |
| لقی چوارەم : هەواڵدەری نهێنی | 17 |
| باسی دووەم : بنەمای یاسایی هەواڵدان | 19 |
| بەشی یەكەم : هۆكارەكانی ڕەوایەتی | 19 |
| لقی یەكەم : پێناسەی هۆكاری ڕەوایەتی | 20 |
| لقی دووەم : گونجاندنی هەوالدان بە پێی هۆكارەكانی رەوایەتی | 22 |
| بەشی دووەم : ڕێگرییە سزاییەكان و ڕێگرییە بەرپرسیاریەكان | 24 |
| لقی یەكەم : ڕێگرییە سزاییەكان | 25 |
| لقی دووەم : ڕێگرییە بەرپرسیاریەكان | 26 |
| كۆتایی | 28 |
| دەرەئە نجام | 28 |
| پێشنیار | 29 |
| سەرچاوەكان | 30 |

## پێشەکی

ئاشکرایە هەر تاوانێك کە ڕوودەدات مەرج نییە هەموو کاتێك دەسەڵاتی گشتی ئاگایی پێی هەبێ، تاکەکان کە ئاگاداری ڕوودانی تاوان دەبن هەڵدەستن بە ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتی تایبەتمەند بە مەبەستی گرتنەبەری ڕێککاری پێویست و ڕووبەڕوو بوونەوەی تاوانباران وە بەهاناوە چوونی قوربانیان، ئەم ئاگادار کردنەوەیە ناودەبرێ بە هەواڵدان، کەواتە هەواڵدان گرینگییەکی زۆری هەیە لە بە ئاگابوونی دەسەڵاتی تایبەتمەند بە ڕوودانی تاوان، هەربۆیە بە پێویستمان زانی بە ناونیشانی توێژینەوەکەمانی هەڵبژێرین بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم کەموکوڕیە یاساییانەی کە لە یاسادا بەدیی دەکەین سەبارەت بەم بابەتە.

### یەکەم – کێشەی توێژینەوە:

یەکێك لە گرینگترین ئامرازەکانی جولاَندنی سکالاَی یاسایی بریتی یە لە هەواڵدان، بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئاخۆ گونجاندنی یاسایی بۆ هەواڵدان چی یە ؟ ئاخۆ کەی هەواڵدان دەبێتە ئەرکێکی یاسایی لە ئەستۆی هاوڵاتی و کەی دەبێتە ماف ؟ چونکە تێکەڵیەکی یاسایی هەیە لەم بابەتە و جگە لەوەی لەلایەکی ترەوە بەشێکی ئەم بابەتە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی بەتاوان هەژمارکردن بەتایبەتی لەحاڵەتی ئاشکراکردن و درکاندنی زانیاری کەسی و خێزانی بەشێوازی ئاشکرا وەك ئەوەی لە یاسای سزادانی عێراقی دا هاتووە، هەوڵ دەدەین لەمیانەی ئەم توێژینەوەیە دیراسەی ئەم بابەتە بکەین بەووردی.

### دووەم – هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

لە ئاست هەست کردنمان بە کەموکوری وە بۆشایی یاسایی لەم بابەتە بۆیە بە باشمان زانی بە بابەتی توێژینەوەکەمان هەلبژێرین بە مەبەستی هەولڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی یاسایی گونجاو بۆ کێشەی توێژینەوەکەمان.

## سێیەم – گرنگی ئەم توێژینەوەیە :

بێگومان دوای درککردنمان بەو بۆشاییە یاساییەی کە پێمانوایە تەگەرەیەکی یاساییە گرنگی ئەم توێژینەوەیەمان بۆ دەرکەوت، بە وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە لەم توێژینەوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە یاسا چۆن لێکدانەوەی بۆ هەوالدان کردووە وە لەکوێی یاسادا بۆشایی یاسایی بەدی دەکرێت، چونکە پێمانوایە کە لە هەندێك کاتدا لە هەواڵدانی پێویست کە لە یاسای سزاکانی عێراقی (111/1969) لە ماددەی (247) هاتووە کە کەسانێك دەکەونە نێوانی بەرپرسیاریەتی یاسایی و خێزانی کە قورس دەبێت بێ زیان یەکێکیان هەڵبژێردرێ، بۆیە دەمانەوێ زیاتر لە درێژەی بابەتەکەمان بچینە ناو وردەکاریەکانی بابەتەکەمان و لە کۆتایشدا پێشنیاری گونجاو پێشکەش بکەین.

## چوارەم – چوار چێوەی توێژینەوە :

لەبەر ئەوەی بابەتەکەمان پەیوەستدارە بە هەردوو یاسای سزاکانی عێراقی (1969/111) وە یاسایی بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (1971/23)، هەر بۆیە رووی توێژینەوەکەمان لەسەر ئەم یاسایانە دەبێ وە لە چوارچێوەی هەمان دوو یاسادا توێژینەوەکەمان دەستپێدەکەین و کۆتایی پێدەهێنین.

## پێنجەم – تیۆری توێژینەوە :

بەمەبەستی دیراسە کردنی بابەتەکەمان هەڵدەستین بە گرتنە بەری تیۆری شیکاری کە تێیدا دەقە یاساییەکان شی دەکەینەوە وە تیشك دەخینە سەر کەموکوریەکان بە مەبەستی چارەسەرکردنیان.

## شەشەم – پلانی توێژینەوە :

بۆ خوێندنەوەیەکی یاسایی بابەتی ئەم توێژینەوەیە بەئەرکمان زانی پلانێکی شیاو دابڕێژین بۆ ئەم مەبەستە هەڵساین بە دابەشکردنی بابەتەکەمان بەسەر دوو دەروازەی جیاواز و سەرەکی ، بەشێوازێك لەدەروازی یەکەم باس لە ناساندنی هەوڵدان دەکەین لەمیانەی پێناسەکردن و ئاماژەدان بەجۆرەکانی، وە لەدەوازەی دووەمدا تیشك دەخەینە سەر بنەمای یاسایی هەواڵدان و بەدوای گونجاندنی یاسایی هەواڵداندا دەگەڕێین. وە دواجار کۆتای بەتوێژینەوەکەمان دەهێنین بەگرینگترین ئەو دەرەئەنجام و پێشنیارانەی کەوا بەدەستیان دەهێنین، سەرکەوتنیش هەر لەخواوەیە.

## باسی یەکەم

## مەبەست لە هەواڵدان

لەم باسەدا هەوڵدەدەین بە پێی توانا وە بە شێوەیەکی ڕوون و هەمەجۆر پێناسەی هەواڵدان بکەین وە جۆرەکانی هەواڵدان ڕوون بکەینەوە ، بۆ ئەم مەبەستەش هەڵساین بە دابەشکردنی ئەم باسە بەسەر دوو بەش، بەشی یەکەم تەرخان دەکەین بۆ پێناسەکردنی چەمکی هەواڵدان، وەهەروەها لە بەشی دووەم تیشك دەخەینە سەر جۆرەکانی هەواڵدان.

## بەشی یەکەم

## پێناسەی هەواڵدان

مەبەستمانە پێناسەی هەواڵدان بکەین لە هەموو ڕوویەکەوە بەمەبەستی زیاتر ئاشنابوون بەم چەمکە، بۆ ئەم مەبەستە هەڵدەستین بە دابەشکردنی ئەم بابەتە بۆ دوو لقی سەرەکی، لە لقی یەکەم مانای زمانەوانی هەواڵدان دەخەینە ڕوو، وە لە لقی دووەم ئاماژە دەدەین بە مانای دەستەواژەیی هەواڵدان.

### لقی یەکەم

### مانای زمانەوانی هەواڵدان

چاوگەکەی: هەواڵ ، بریتیە لە پێدانی هەواڵ بە کەسێك کە زانیاری نییە ، ناوێکە کە خەلکی بەکاری دەهێنن لە نێوانیا لەکاتی ئاخاوتنیان ، هەروەها دەوەستێتە سەر هەردوو ڕووی ڕاستی و ناڕاستی کە دەکرێ هەر یەکێکیان لەخۆی بگرێت، هەروەها سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە هەواڵەکە دەگەێنێت[1]، ئەگەر بێتو ئەم هەواڵدانە سەبارەت بوو بە نەنگیەکانی کەسێك لای کەسێکی تر یان کۆمەلە کەسێك لێرەدا بە واتای غەیبەت دێت، وە ئەگەر هەواڵدان بریتیبێت

[1] د. محمد سعید نمور، شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية، چاپخانەی دار الثقافة للمنشور والتوزیع،قاهیرە، 2005، لا 39.

لە ئاشکرا کردنی نهێنییەك ئەوە بەواتای درکاندن دێت، وە هەروەها بەپێی شەریعەتی اسلامی ئەگەر هەواڵدان زیانی گەیاند بە کاروباری موسلمانان ئەوا بەواتای خیانەت دێت.

## لقی دووەم

### پێناسەی دەستەواژەیی هەواڵدان

بەگرینگی دەزانین لەم لقە پێناسەی چەمکی هەواڵدان بکەین لە دیدی یاسادانەر و زانایانی بواری یاسا بەمشێوازەی خوارەوە:

**یەکەم – پێناسەی چەمکی هەواڵدان لە دیدی یاسادانەرەوە:** دوای گەڕانەوەمان بۆ یاسا سزادانی عێراقی (111/1969)ی هەموارکراو وە هەروەها یاسای بنەمای دادگەریە سزایەکان (23/1971)ی هەموارکراو تێبینی ئەوەمانکرد کەوا یاسادانەر بە هیچ شێوەیەك پێناسەی ئەم چەمکەی نەکردووە بەڵکو تەنها ئاماژەی داوە بە جۆرەکانی هەواڵدان. وە بە تێڕوانینی ئێمە یاسادانەر هەڵوێستێکی باشی نواندووە کە بێدەنگی هەڵبژاردووە لە پێناسە کردنی ئەم چەمکە، چونکە پێمانوایە پێناسەکردن لە کاری یاساناسان و زانایانی بواری یاسایە نەك یاسادانەر.

**دووەم – پێناسەی چەمکی هەواڵدان لە دیدی یاساناسان:** هەواڵدان بریتیە لە پێراگەیاندنی ڕوودانی تاوانێك کە هەواڵدەدرێ لە لایەن کەسێك بۆ لایەنی تایبەتمەند، لێرەوە دەردەکەوێت کە هەواڵدان فراوانترە لە سکاڵا کردن، لە ڕووی ئەو کەسانەی کە دەتوانن هەواڵ بدەن بە ئاگادارکردنەوەی لایەنی تایبەتمەند جا جیاوازی نییە کەسی هەواڵدەر سکاڵا کار بێت یان تاوانلێکراو بێت یان هەرکەسێکی ئاگادار بە ڕوودانی تاوانەکە بێت[1]. لە کاتێکدا کە لە سکاڵا کردندا ماف دراوە بە کاسانی دیاری کراو و کەسەکان سنووردار کراون بۆ سکاڵا کردن دەتوانین بڵێین ئەمە جیاوازیەکی گرنگە لە نێوان هەواڵدان

---

[1] علي السماك ، الموسوعة القضائية في التحقيق الجنائي العراقي والمحاكمات ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی الرشاد – بغداد،1963 ،لا 83.

و سكالآكردن، (هەوالّدان ئاگاداركردنەوەی دەسەلاتی تایبەتمەندە بە تاوانێك كە دژی كەسی هەوالّدەر خۆی یان مالّەكەی یان ناموسی دەكرێت یان ڕوودانی تاوانەكە لە دژی كەسێكی دیكە بێت یان لە دژی بەرژەوەندی دەولّەت بێت یان لە دژی مولكێكی خاوەنداری هاوبەشی بێت)[1].یاخود بریتییە لە پێراگەیاندنی دەسەلّاتی ڕێككاری دادی یان دەسەلّاتی تایبەتمەند بە ڕوودانی تاوان[2].

دوای گەڕانەوە بۆ پێناسەی یاساناسان و وەستان لەسەر پێناسەكانیان بۆمان دەردەكەوێت كە هەوالّدان بریتییە لە ڕاگەیاندنی بوونی تاوانێك بە لایەنە تایبەتمەندەكان بە پۆلیس یان لێكۆلّەری دادی یان دادوەری لێكۆلّینەوە بۆ دەستكردن بە ڕێكاری یاسایی بێ گوێدان بەوەی كە كەسی هەوالّدەر سكالّاكارە یان تاوان لێكراوە یان كەسێكی ترە بەدەر لەمانە.

وە بە دلّنیاییەوە لێرەدا دەردەكەوێ كە چوارچێوەی هەوالّدان فراوانترە لە سكلّاكردن ئەمەش لە ڕووی ئەم كەسانەی كە مافی پێشكەشكردنی یان هەیە، سكالّا ڕوونتر و ووردتر دەچێتە نێو كرۆكی بابەتەكە بەلّام لە هەوالّدان مەبەست تەنها پێراگەیاندنی ڕووداوە بە لایەنی پەیوەندیدار بۆ گرتنەبەری ڕێكاری یاسایی و بەهاناوەچوو، هەروەها هەوالّدان دەكرێت لەكاتی بوونی مەترسی یان هەڕەشە لەسەر خودی خۆی یان مالّ و مولّكی یان ناموس و كەسوكاری یان هەر كەسێكیتر بكرێت.

---

[1] الاستاذ عبدالامیر العكیلي والدكتور سلیم حربة ، شرح قانون اصول المحكمات الجزائیة ، بەشی یەكەم ، چاپی دووەم 2010 ، چاپخانەی الوالي، بغداد ، لا 59.

[2] القاضي الدكتور جمال الزغبي ، النظریة العامة لجریمة اقتراء في الفقه والقانون والقضاء المقارن ، بلاّوكراوەی الحلبي الحقوقیة ، 2004 ، لا 101.

## بەشی دووەم

## جۆرەکانی هەواڵدان

بە پێویستی دەزانین بۆ شیکردنەوی زیاتری جۆرەکانی هەواڵدان ئەم بەشە بۆ چوار لق دابەش بکەین، بەشیوازێك کەوا جۆرەکانی هەواڵدان جیادەکەینەوە وە باسی هەر یەکەیان دەکەین بەشێوازێك کەوا لە لقی یەکەم هەواڵدانی ئارەزوومەندانە ڕوون دەکەینەوە ، وە لە لقی دووەمدا هەواڵدانی پێویست یاخود ناچاری باسدەکەین ، وە لە لقی سێیەمدا هەواڵدنی درۆ و خۆدزینەوە لە هەواڵدان باسدەکەین ، وە لە لقی چوارەم و کۆتایی تیشك دەخەینە سەر هەواڵدەری نهێنی.

### لقی یەکەم

### هەواڵدانی ئارەزوومەندانە

هەواڵدانی ئارەزوومەندانە بریتییە لەو مافەی کە دراوە بە هەرکەسێك کە ئاگاداری ڕوودانی تاوانێك بێت و دادخوازی بجولێنێت بەبێ تۆمارکردنی سکاڵا، بە ئاگادار کردنەوەی دادوەری لێکۆڵینەوە یان داواکاری گشتی یان لێکۆلەر یان یەکێك لە بنکەکانی پۆلیس[1].

هەر کەسێك کە ئاگاداری مردنێکی گوماناوی بێت دەتوانێت یەکێك لەو لایەنانەی کە یاسا ئاماژەی پێداون ئاگادار بکاتەوە بە بوونی مردنێکی گوماناوی کە گوومان بکرێت کەسەکە کوژراوە بەڵام هەوڵی شاردنەوەی تاوانەکە دەدرێت.

هەر وەك لە دەقی ماددەی (47) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (1971/23)بەرکار لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە ئاماژەی داوە بە هەواڵدانی ئارەزوومەندانە، کە تێیدا بە ڕوونی هاتووە کە هەر کەسێکی ئاگادار بە ڕوودانی تاوانێك بۆی هەیە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئاماژە پێکراو لەم یاسایە ئاگادار بکاتەوە بە ڕوودانی تاوانەکە

---

[1] د. سامي النصراوي، شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية،بەرگی دووەم، چاپخانەی الطباعة الحديثة،البصرة،1971، لا 69.

، وە لە بڕگەی دووەمی هەمان ماددەدا یاسادانەر مافی داوە بە هەواڵدەر کە داوای ئاشکرا نەکردنی ناسنامەکەی بکات لە تاوانەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ناوخۆ یان دەرەوەی وڵات یان تاوانەکانی تێکدانی ئابووری وە تاوانەکانی تر کە سزای لەسێدارەدان یان زیندانی هەتاهەتایی یان کاتی لەسەرە، هەروەها بە شایەتیش دانانرێن[1]. شایەنی باسە یاسادانەری عێراقی لە ماددەی (47) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (1971/23)بەرکار لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا حالەتەکانی هەواڵدانی ئارەزوومەندانەی دیاری کردووە لەم حالەتانەی خوارەوە :

یەکەم – هەرکەسێك تاوانێکی لە دژ بکرێت.

دووەم – هەر کەسێك ئاگاداری ڕوودانی تاوانێك بێت.

سێیەم – هەرکەسێك ئاگاداری مردنێکی گوماناوی بێت.

## لقی دووەم

## هەواڵدانی ناچاری

هەرچی سەبارەت بە هەواڵدانی ناچارییە پێویستە لەسەر کەسی ئاگادار لە ڕوودانی تاوانێك یان گومانی لە ڕوودانی تاوانێك هەبێ دەبێت ڕاستەوخۆ هەواڵ بدات بە دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەر یان داواکاری گشتی یان یەکێك لەبنکەکانی پۆلیس ئاگادار بکاتەوە بە جوڵاندنی داوای سزای سەبارەت بە تاوانەکە هەتا بە بێ بوونی سکاڵاکار، لێرەدا بە هەمان شێوە یاسادانەر ئاماژەی کردووە بەو کەسانەی کە لەسەریانە هەواڵ بدەن لە ڕوودانی تاوان لەکاتی ڕوودانی تاوانێك لەبەردەمیان یان زانیاریان لە بارەیەوە هەبێ ، لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (1971/23) لە ماددەی (48) یاسادانەر بە ڕوونی لە دەقی ماددەکەدا ئاماژەی کردووە بە حالەتەکانی هەواڵدانی ناچاری، یاسادانەر هەر پێسپێردراوێکی گشتی پابەند کردووە بە هەواڵدان لەبارەی ڕوودانی تاوانێك یان گومان بردن بە ڕوودانی تاوانێك لەکاتی بە جێگەیاندنی

[1]. دەقی ماددەی (47) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (23) سالی (1971) هەموارکراو.

ئەرکەکەیان ، هەروەها هەرکەسێکی پابەند کردووە بە هەواڵدان کە لە ڕێگەی پیشەکەیەوە یارمەتی پزیشکی پێشکەش بکات لە حالەتێکدا گومان بکات بە ڕوودانی تاوانێك ، وەهەروەها هەر کەسێکیشی پابەند کردوە بە هەواڵدان کە ئامادەی ڕوودانی تاوانێك بووبێ، لە هەرسێ حاڵەتی سەرەوە کەسی ئاگادار بە ڕوودانی تاوان لەسەریەتی دەستبەجێ یەکێك لە دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەر یان داواکاری گشتی یان یەکێك لە بنکەکانی پۆلیس ئاگادار بکاتەوە بە ڕوودانی تاوانەکە بە پێچەوانەوە بەرپرسیار دەبێت لەبەردەم یاسادا[1].

بە بڕوای ئێمە بڕگەی دووەمی ماددەی (48) کەموکوری یاسایی تێدایە کە لە کاتی جێبەجێکردندا دەکرێ کێشەی کۆمەڵایەتی لێ بکەوێتەوە بەتایبەت کاتێك پزیشك ناچارکراوە بە هەواڵدان کە دەکرێ کەسی نەخۆش کەسی نزیکی خۆی بێت لە خێزانەکەی کە قورس دەبێ کەسی پزیشك لەم کاتەدا بەرژەوەندی خێزانی یان یاسایی هەڵبژێرێ چونکە لە هەردوو باردا پزیشکەکە دەکەوێتە کێشەوە جا کێشەی یاسایی بێت یاخود کۆمەلایەتی یان هەر کەسێکی تر کە دەکرێ کێشەی لاوەکی بۆ پزیشکەکە بنێتەوە.

لە لایەکی ترەوە سەبارەت بە بڕگەی سێیەمی هەمان ماددەی ئاماژە بۆکراو لە سەرەوە هاتووە هەر کەسێك ئامادەبێ لە کاتی ڕوودانی تاوانێك لە جۆری (جینایە) پێویستە دەست بەجێ هەواڵبدات بە پێچەوانەوە بەرپرسیار دەبێت.

ئێمە پێمان وایە لەم برگیەشدا کەموکوری هەیە بەجۆرێك یاسادانەر جیاوازی کردووە لە جۆری تاوان ئەمە لە کاتێکدایە کە هەرکەسێك دەکرێت هەر جۆرە تاوانێکی لە بەرامبەری ڕوو بدات لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە کەسێك هیچ شارەزاییەکی یاسایی نەبێت چۆن بزانێ تاوان و کەتن و سەرپێچی جیا بکاتەوە تاکو بزانێت کە ئایا لەبەردەم هەواڵدانی ئارەزوو مەندانەدایە یان ناچاری، لەکاتێك کە کەسانی شارەزا لە بواری یاسایی زۆرجار ناتوانن تاوانەکان لە یەکتر جیا بکەنەوە.

[1] د. سلطان الشاوي، اصول تحقيق الاجرامي، چاپخانەی جامعة بغداد، 1981، لا 155.

هەربۆیە لێرەدا بە باشی دەزانین هەمواری ماددەی سەرەوە بکرێتەوە لە لایەن یاسادانەرەوە بە جۆرێك جۆری ئەو تاوانانە بە دیاریکراوی دیاری بکات کە دەکرێ بە ناچاری هەواڵی لەبارەیەوە بدرێ بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بتوانێت بە ئاسانی بیانناسێتەوە.

## لقی سێیەم

## هەواڵی درۆ و خۆدزینەوە لە هەواڵدان

زۆر جار دەسەڵاتەکانی دادوەری و لێکۆڵینەوە هەواڵیان پێ دەدرێ سەبارەت بە ڕوودانی تاوانێك بەڵام دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون دەردەکەوێ کە هەواڵەکە هیچ ڕاستیەکی بۆ نییە وە هەواڵدانەکە بە درۆ دراوە ، لێرەدا دەمانەوێ سزای ئەو کەسانە نیشان بدەین کە هەڵدەستن بە هەواڵدانی درۆ ، یاخود سزای ئەو کەسانەی کە بە یاسا پابەند کراون بە هەواڵدان لەکاتی ڕوودانی تاوانێك بەلام هەواڵ نادەن.بەم شێوازەی خوارەوە :

### یەکەم : هەواڵدانی ناڕاست:

یاسا دانەر لە ماددەی (243)ی یاسای سزاکانی عێراقی (111/1969) باسی هەواڵدانی درۆی بەم شێوەیە کردووە : ( ئەوەی هەواڵی درۆی لەبارەی تاوانێك بە یەکێك لە دەسەلاتەکانی دادوەری یان کارگێری دابێ و بزانێ ئەو ڕووداوە ڕوووینەداوە یان بە نیازخراپی هەواڵی بە دەسەلاتەکانی ناوبراو دابێت لەبارەی کەسێك کە گوایە تاوانێکی کردووە، لەگەل ئەوەی بزانێ هەواڵەکە درۆیە، یان بە درۆ بەڵگەی مایەکی لەبارەی تاوانێك درووست کردبێت گوایە کەسێك کردوویەتی، یان کارڕابوونی ڕێکارە یاسییەکانی لێکەوتبێتەوە لە دژی کەسێك و بزانێت ئەو کەسە بێ تاوانە، وە ئەوەی لەبارەی تاوانێك کە روویداوە چەند هەوالێکی دابێتە دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان و بزانێ ئەو هەواڵانە درۆن، گەر تاوانەکە کەتنی گەورە بێ (جنایە) بە گرتن و بژاردن سزا دەدرێ یان بە یەکێ لە دوو سزایە ، گەر تاوانەکە کەتن یان سەرپێچی بوو

به گرتن سزا دەدرێ کە لـە سێ ساڵ زیاتر نەبێ و بە پێبژاردن کە لـە 225000 هەزار دینار زیاتر نەبێ یان بە یەکێك لـەم دوو سزایە).

بەپێی یاسایی سزاکانی عێراقی (1969/111) هەرکەسێك کەسێکی تر تۆمەتبار بکات بە بە هەواڵدان لـەسەری بە ئەنجامدانی تاوانێك لـە کاتێکدا بزانێ کە هەواڵەکەی دوورە لـە راستییەوە یان بە درۆ بەلگە نامەیەك لـەبارەی تاوانێك دروست بکات گوایە کەسێك کردوویەتی، یان بەهۆی هەواڵدانەکەی ریکاری یاسایی گیرایە بەر بەرامبەر کەسێك وە بشزانێت کە کەسەکە بێتاوانە، ئەوا ئەگەر تۆمەتەکە تاوان بوو بە گرتن و پێ بژارتن سزا دەدرێ یان بە یەکێك لـەو دوو سزایە، وە ئەگەر تۆمەتەکە کەتن یان سەرپێچی بوو ئەوا بە گرتن سزا دەدرێ کە لـە سێ ساڵ زیاتر نەبێ وە بە پێبژارتن کە لـە 225000 دیبار زیاتر نەبێ یان بە یەکێك لـەم دوو سزایە[1].

هەروەها ئەگەر بێتو هەرکەسێك هەواڵی ڕوودانی کارەساتێك یان ڕووداوێك یان بوونی مەترسییەك بدات بە دەسەلاتەکانی دادوەری یان کارگێری لـە کاتێکدا بزانێ کە هەواڵەکەی نا درووستە ئەوا سزا دەدرێ بە گرتن ماوەیەك زیاتر نەبێ لـە سالێك و پێبژاردن زیاتر نەبێ لـە 225000 دیناری عێراقی یان بە یەکێك لـەم دوو سزایە[2].

**دووەم : خۆدزینەوە لـە هەواڵدان:**

هەروەها یاسادانەر سزای بۆ ئەو کەسانەش داناوە کە خزمەتێکی گشتییان پێ سپێردراوە و پابەند کراون بە هەواڵدان بە ڕوودانی تاوانێك لـەکاتی ئاگادار بوونی بەلام هەلـناستێ بە هەواڵدان لـەبارەی تاوانەکەوە، سزا دەدرێن بە گرتن یان پێبژاردن[3].

[1].دەقی ماددەی (243) لـە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (111)ی سالی (1969) هەموارکراو.
[2].دەقی ماددەی(244) یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (111)ی سالی (1969) هەموارکراو.
[3].دەقی ماددەی (247)یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (111)ی سالی (1969) هەموارکراو.

لەم حاڵەتەدا جیاکارییەك هەیە کە کەسی پابەندکراو بە هەواڵدان بەرپرسیار نابیٚ بە هەواڵنەدانی ئەگەر هاتوو کەسی تاوانبار هاوسەر یان بنچە یان لق یان خوشکو برای پێسپێردراو بە خزمەتی گشتی بۆ گەڕان بەدوای تاوانباران بێت[1]. هەروەها یاسادانەر بە تاوانی هەژمار نەکردووە کاتێك کەسێك بە نا راستگۆیی هەواڵ دەدات بە لایەنە دادوەری و کارگێڕیەکان بە ڕوودانی تاوانێك بەلام دواتر دەردەکەوێت کە هیچ ڕوداوێك ڕووی نەداوە[2]. لە ٢٠١٩/٥/٢٨ بریارێکی پێداچوونەوە دەرچووە بە ژمارە ٢٠١٩/٨٣٠ لە دەستەی گشتی سزایی لە دادگای پێداچوونەوەی فیدرالی کە تێیدا ئەم بنەمایە دەرچووە: ( ناکرێت سزای کەسی هەواڵدەری ناڕاست لە دە ساڵ زیاتر بێت هەتا ئەگەر بێت و هەواڵە ناڕاستەکە لەسەر تاوانێك بێت کە سزاکەی لە دە ساڵ زیاتر بێت / یجیب ان لا تزید العقوبة المفروضة علی مقدم الاخبار الکاذب عن عشر سنوات حتی ولو کانة اخباره کذبا عن جریمة عقوبتها اکثر من عشر سنوات)[3].

## لقی چوارەم

## هەواڵدەری نهێنی

یاسادانەری عێراقی پێناسەی هەواڵدەری نهێنی بە دیاریکراوی نەکردووە بەلام لە برِگەی دووی مادەی 47 لە یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی (1971/23) بە وردی باسی ئەو تاوانانەی کردووە کە هەواڵدان لەسەریان ئەو مافە بە هەوالدەر دەدات کە داوای ئاشکرا نەکردنی ناسنامەکەی بکات ئەو تاوانانەش بریتین لە تاوانی زیانبەخس بە ئاسایشی ناوخۆ یان دەرەوەی وڵات، وە تاوانەکانی تێکدانی ئابووری وە تاوانەکانی تر کە سزای لە سێدارە دان یان بەندکردنی هەتا هەتایی یان کاتییان لەسەرە.

[1].دەقی ماددەی (247) لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (111)ی سالی (1969) هەموارکراو.

[2] دەقی ماددەی (246) یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (111)ی سالی (1969) هەموارکراو.

[3] بریاری ژمارە ،830–2019 ، دادگای پێداچونەوەی فیدرالی–بغداد ،2019 . بلاٚونەکراوە.

کە ئەمەش وادەکات هەواڵدەر بە گەواهیدەر دانەنرێت و ناسنامەکەشی بە نهێنی بهێڵدرێتەوە لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگایی ئەمەش بە مەبەستی پاراستنی گیانی کەسی هەواڵدەر لە هەر مەترسییەك کە دەکرێ ڕووبەڕووی ببێتەوە[1].

هەواڵدانی نهێینی لە تاوان رێگایەکە لە رێگاکانی جوڵاندنی داوای سزایی هەروەها جیاکاریکە لەگەل بنەرەتی رێگاکانی جوڵاندنی داوا کە دەبێت بە شێوازی ئاشکرا بێت ئەمەش یەکێکە لەو گرەنتیانەی کە یاسا بۆ تۆمەتبار دەستەبەری دەکات ، یاسادانەری عێراقی بە سیستەمی هەواڵدەری نهێنی وەرنەگرت لە سەرەتادا وە یاسای هەلوەشاوەی دادگایکردنی سزایی بغدادیش پێی وەرنەگرت، تاکو لە هەمواری ماددەی (47) یاسای بنەماکانی دادگایکردنیی سزایی لە یاسای ژمارە (119)ی ساڵی (1988)[2] کە لە دەقەکەیدا هاتووە ( هەواڵدەر بۆی هەیە لەو تاوانانەی پەیوەستن بە ئاسیشی ناوخۆی وڵاتەوە یان تێکدانی ئابووری وە تاوانەکانی تر کە سزای لە سێدارەدان یان هەتاهەتایی یان کاتی لەسەرە، بۆی هەیە داوای ئاشکرا نەکردنی ناسنامەکەی بکات و بە گەواهیدەر دانەنرێت، دادوەر بۆی هەیە ئەمە لە پوختەی هەواڵەکە لە تۆماری تایبەت جێگیر بکات کە بۆ ئەم مەبەستا ئامادەکراوە و هەلدەستێت بە لێکۆڵینەوە بە گوێرەی بنەماکانی سوود وەرگرتن لەو زانیاریانەی هەواڵەکە لەخۆی دەگرێت بێ ئاشکرا کردنی ناسنامەی هەواڵدەر لە پەڕاوەکانی لێکۆڵینەوە)[3].

لێرەدا پێمان وایە یاسادانەر سەرکەوتوو بووە لە بەر تەسککردنەوەو دیاریکردنی سنووری ئەو تاوانانەی کە دەکرێ بە نهێنی هەواڵیان لێی وەربگیردرێ چونکە ئەگەر سنوورێکی فراوان بەم برگەیە درابوایە کەلێنێك درروستدەبوو بۆ کاسانێك ئەم کەلێنە بەکاربهێنن بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان.

[1] دەقی ماددەی (47/برگەی دووەم) یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (23) سالی (1971) هەموارکراو.

[2] زیادکرا بۆ برگەی دووەم لە ماددەی (47) لە یاسای بنەماکانی دادگایی سزایی لە یاسای ژماری (119)ی سالی (1988) لە یازدەهەم هەمواری یاساکە.

[3] القاضي زرار محمود مرادخان، ماهية المخبر والاخبار الكاذب، مكتبة هولير القانونية، اربيل، 2015 ، ل134-135.

## باسی دووەم

## بنەمای یاسایی هەواڵدان

دوای ئەوەی لە باسی یەکەم بە ووردی پێناسەی هەواڵدانمان کرد وە جۆرەکانیمان پۆلێن کرد و بە درێژی لەسەر هەموو ئەو بابەتانەی پێشتر باسمانکردن وەستاین لەم باسەدا دەمانەوێ تیشك بخەینە سەر بنەمای یاسایی هەواڵدان کە لە دوو بەشی سەربەخۆ پێکدێت مەبەستمانە چەند بابەتێکی گرنگ بخەینە بەر توێژینەوەکەمان تاکو لە کۆتایدا مافی تەواو بە توێژینەوەکەمان بدەین وبگەین بە چارەسەرێکی گونجاوی کێشەی توێژینەوەکەمان، وە دەمانەوێ بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئاخۆ هەوڵدان مافە یان ئەرك؟ تاوانە یاخود ڕەوایە؟ بۆ ئەم مەبەستە ئەم باسە دابەش دەکەین بۆ دوو بەشی جیا ، لەبەشی یەکەم تیشك دەخەینە سەر هۆکارەکانی ڕەوایەتی و تێیدا بەدوای هەواڵدان دەگەرێین ، وەهەروەها بەشی دووەم تەرخان دەکەین بۆ لێکۆڵینەوە لەبابەتی گونجاندنی هەواڵدان لەژێر ڕۆشنایی ڕێگریی یە سزاییەکان و ڕێگریی یە بەرپرسیاریەکان.

## بەشی یەکەم

## هۆکارەکانی ڕەوایەتی

ئەم بەشە دابەشی سەر دوو لق دەکەین لە لقی یەکەم باسی گونجاندنی هەواڵدان وەك هۆکارەکانی رەوایەتی دەکەین لە دیدی یاسادانەری عێراقی وە یاساناسان، هەروەها لە لقی دووەم گونجاندنی هەواڵدان بە هۆکارەکانی رێگەپێدان باسدەکەین.

## لقی یەکەم

## گونجاندنی هەواڵدان وەك هۆکارەکانی ڕەوایەتی

یاسادانەری تاوانکاری عێراقی لە یاسای سزاکانی (111/1969) باسی لە هۆکارەکانی ڕەوایتی کردووە لە دەقی ماددەکانی ( 39 تاوەکو 46 ) کە ئەوانیش خۆیان لە سێ شێوازەدا دەبیننەوە کە بریتین لە :

یەکەم – ئەرك و بەجێ هێنان.

دووەم – مافی بەکارهێنان.

سێیەم – مافی بەرگری ڕەوا.

هۆکارەکانی ڕێگە پێدان ئەو هۆکارانەن کە دەبنە هۆی دەستبەرداربوونی کەسی تاوانبار بە ڕەفتارە تاوانیەکەی وە یاسایی بوونی ڕەفتارەکەی ئەمەش لە هەلومەرج وبارودۆخی تایبەتدا کا یاسا تاکو ئاستێك ڕێکی خستووە بەلام ئەم ڕێکخستنە نەبووەتە یارمەتیدەر بۆ هەموو ئەو کێشانەی بەم هۆیەوە دێنە پێشەوە، بۆنموونە کوشتن بەپێی یاسا بەشێوەیەکی ڕەهایی بە تاوان هەژمار کراوە و لە یاسای سزاکانی عێراقی بە ڕوونی سزایی ئەم تاوانە بە بارودۆخە تایبەتیەکانیەوە دیاری کراوە، بەڵام لە هەمانکاتدا یاسادانەر مافی بەرگری ڕەوای[1] داوە بە هەر تاکێك کە لە هەلو مەرجی تایبەتی دوچاری مەترسی دەبێتەوە بۆ سەر ژیانی دەتوانێت بەرگری لەژیانی خۆی بکات هەتا ئەگەر ئەم مەترسیە کۆشتنی کەسی بەرامبەریشی لێ بکەوێتەوە لێرەدا بکوژ بە تاوانبار هەژمار ناکرێ لەبەر ئەوەی یاسا ئەم مافەی پێداوە بۆ بەرگریکردن لە ژیانی خۆی[2].

---

[1] بەرگری ڕەوا مافێکە کە مرۆڤ هەیەتی بۆ بەرگری کردن لە خودی خۆی یان سامانەکەی یان ناموسی دەتوانێت بەکاری بهێنێت لە کاتێکدا کە دەست گەیشتن بە لایەنی پەیوەندیدار ئەستەمە. د. ضیاء الدین مهدی صالحی، مافی بەرگری ڕەوا لە یاساکانی عیرقی و ئەلمانی، گۆڤاری بەراوردی یاساکان، کۆمەلەی یاسای بەراوردی عێراقی، ژ23 ، چاپخانەی الحافظ، بغداد،1994،لا86.

[2] د. محمود نجيب حسني، قوة الحكم الجنائي في انهاء الدعوى الجزائية، چاپی دووەم، چاپخانەی دار النهضة العربية، القاهرة، 1977،لا46.

لەبەر ئەوەی یاسادانەری عێراقی هەڵنەستاوە بە پێناسەکردنی چەمکی هۆکاری ڕەوایەتی بە شێوەیەکی دیاریکراو بۆیە ناتوانین پێناسەیەکی یاسایی عراقی بەردەست بخەین بەڵام هەوڵدەدەین ئامانجەکەمان بەدی بهێنین لە دیدی یاساناسان و زانایانی بواری یاسا.

پێش هەموو شتێك بۆ ئەوەی هۆکارەکانی رەوایەتی هەبێت دەبێت کارێکی نا یاسایی یان یاسای تاوانکاری هەبێت کە ئەنجام درابێت وە دواتر یەکێك لە هۆکارەکانی رێگە پێدان بە دوادا بهێت کە بتوانێت ئەم کردەوەیە لە چوارچێوەی کردەوەیەکی تاوانکاریەوە دەریبهێنێت و بیکاتە کردەوەیەکی یاسای رێگە پێدراو[1].

یاخود دەکرێت بلێین بریتییە لە بارودۆخێکی ماددی یان بابەتی کە بە تاوان هەژمار دەکرێ لە بنەرەتدا بەڵام لەبەر ئەوەی هۆکارێکی رێگەپێدان بەخۆیەوە دەیبەستێتەوە ئەو کردارەی کە ئەنجام دراوە بە یاسایی دادەنرێ وە بکەرەکەی لە سزادان دەربازی دەبێ و بێتاوان دەردەچێت.

دەتوانین بلێین یەکێك لە گرنگترین کاریگەریەکانی گرتنەبەری هۆکارەکانی رێگەپێدان ئەوەیە کە ڕەفتاری تاوانکاری دەچێتە دەرەوەی چوارچێوەی تاوانکاری و سزادان و دەبێتە ڕەفتارێکی رێگە پێدراو و ئەو کردارەی کە لەبنەرەتدا تاوانە کۆڵەگەی شەرعی خۆی لەدەست دەدات و چیدیکە بە تاوان هەژمار ناکرێت ، بۆیە هەموو ئەو تاوانانەی کە هۆکاری ڕەوایەتیان دەدرێتە پاڵ خەسڵەتی تاوان لەدەست دەدات ، ئەمەش دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە دەبوو یاسا دانەر وورتر لەسەر ئەم بابەتە وەستابا وە کێشە دیارەکانی رووەو چارەسەر کردباوە چوونکە هەرچەندە هۆکارەکانی وەرگرتن بە هۆکاری ڕەوایەتی دیاری کراون بەلام هێشتان دەتوانین بلێین ئەمە بەس نییە بۆ بابەتێکی بەم شێوەیە گرنگ و یەکلا کەرەوە ، وەرگرتن بە هۆکارەکانی ئەم بابەتە پەیوەستە بە گۆڕینی خەسڵەتی تاوانیی رەفتارێك بۆ رەفتارێکی رێگە پێدراو وە پاکبوونەوەی ئەستۆی تاوانبارێك و دەرچوونی لە ژێر بەرپرسیارەتی کردارە تاوانییەکەی و بێتاوان بوونی.

[1] عبد الامير الكعيلي، شرح قانون اصول المحكمات الجزائية البغدادي وتعديلاته، چاپخانەی المعارف، بغداد، 1967، لا56.

## لقی دووەم

## گونجاندنی هەواڵدان بەپێی هۆکارەکانی رەوایەتی

لێرەدا دەمانەوێ زیاتر تیشك بخەینە سەر کێشەی توێژینەوەکەمان هەروەها نیشاندانی پەیوەندی هۆکارەکانی رەوایەتی بە هەواڵدانەوە لەبەر ئەوەی یاسای بنەماکانی دادگەری سزایی عێراقی لە ماددەی (48) کۆمەلە کەسێك ناچار دەکات بە هەواڵدان بەو لایەنانەی کە لە ماددەی (47)ی هەمان یاسادا ئاماژەیان پێ کراوە لەکاتی ئاگاداربوونیان بە روودانی تاوانێك لە رێگەی پیشەکانیانەوە کە خزمەتی گشتییا پێ سپێردراوە، بەشێوەیەکی تر کەسانی ئاسایی کە ئاگاداری روودانی تاواتێك دەبن بە پێی یاسا ناچار نین هەواڵ بدە بە لایەنە تایبەتمەندەکان وە لە ئەگەری هەواڵنەدانیان بە لایەنە پەیوەندی دارەکان توشی لێپرسینەوەی یسایی نابن، باڵام ئەوانەی کە خزمەتی گشتییان پێ سپێردراوە بە پێی یاسا ناچارکراون کە هەواڵ بدەن لە تاوانێك کە ئاگاداری روودانی دەبن و بە پێچەوانەوە توشی لێپرسینەوەی یاسایی و رەنگە ئیداریش ببنەوە.

کاتێك پزیشکێك بریندارێکی دەهێندرێتە لای بە مەبەستی تیمار کردن ئەگەر پزیشکەکە گومانی برد کە برینەکە لە ئەنجامی روودانی تاوانێك درووست بووە لەسەریەتی دەست بەجێ راپۆرتێك ئامادە بکات و لایەنی تایبەتمەندی لێ ئاگادار بکاتەوە بۆئەوەی لێکۆلینەوە بکرێ لە چۆنییەتی روودانی برینەکە نەبادە لەم نێوەندە تاوانێك پەردە پۆش بکرێ وە تاوانبارێك دەربازی بێت لە یاسا[1]، لێرەدا کێشەی توێژینەوەکەمان زیاتر دەردەکەوێ کاتیك پزیشکەکە خزمێکی نزیکی نەخۆشەکە دەبێ یان خێزانی دەبێت ئایا ئەگەر پزیشکەکە هەواڵ لە نەخۆشێکی بدات کە هاوسەریەتی یان منداڵیەتی چی بەسەر پەیوەندییە کۆمەلایەتی یان خێزانییەکانیان دێت؟ یاخود ئەگەر پزیشکەکە هەواڵی لێ نەدات ئایا بەرپرسیاری یاسایی ناکەوێتە ئەستۆ؟ نمونەی لەم شێوازە زۆرن لە هەردوو حاڵەتەکەدا چەند کێشەیەکی تر دووچاری پێسپێردراو بە خزمەتی گشتیی دەبنەوە وە یاسا دەرچەیەکی یاسایی گشتگیرو پوختی بۆ ئەم بابەتە دانەناوەو وەڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوەمانی نەداوەتە، بۆیە پێمان

---

[1] د. أشرف توفيق شمس الدين، شرح قانون الاجراءات الجنائية، بەشی یەکەم، بەبێ شوێنی چاپ، 2012، لا87.

وایە ئەمە بۆشاییەکی کاریگەرە لە یاسایی عێراقی کە یاسادانەر بیری لێنەکردووەتەوە و بە بەتاڵی ماوەتەوە و ڕۆژانە کەسانێکی پێوە گیرۆدە دەبن نازانن کام ڕێگایە هەڵبژێرن لە نێوان یاسا و پەیوەندییە خێزانییەکان.

هەروەها لەو حاڵەتەی کە پێمانوایە لەم بوارەی توێژینەکەماندا کەموکوری یاسایین بریتییە لە جیاوازی شایەدی و هەواڵدان لەم بارەی خوارەوەدا، ئاشکرایە بەپێی یاسای سزایی عێراقی شایەتی دان لەنێوان ئەندامانی خێزاندا لەسەر یەکتری پێی وەرنەگیراوە تەنها لە حاڵەتێك نەبێ ئەگەر تاوانلێکراو ئەندامێکی خێزانی خودی تۆمەتبا بێت لەم حالەتە بەدەر یاسادانەر ڕێگری کردووە کە کور شایەدی لەسەر باوکی بدات یان ژن لەسەر پیاوەکەی ئەمەش لەبەر ئەوەی یاسادانەری عێراقی ویستوویەتی بەها بەرزەکانی خێزان و پەیوەندییە خێزانییەکان بپارێزێت لە لەناوچوون بەهۆی ڕێکارێکی یاسایی کە ڕەنگە ببێتە هۆی ساغبوونەوەی تاوان لەسەر تۆمەتبار، پێمان وایە کە یاسادانەری عێراقی سەرکەوتوو بووە لە لێکدانەوەکەی بۆ پاراستنی پەیوەندییە خێزانییەکان، بەڵام لە هەمانکاتدا لە بابەتی هەواڵدان دەبووایە یاسادانەری عێراقی لێکدانەوەیەکی تری هاوشێوەیی سەرەوەی هەبووایە بۆ پاراستنی پەیوەندیە خێزانییەکان بەڵام بەداخەوە ئەم بابەتە وەك پێویست لێکدانەوەی بۆ نەکراوەو بەجێ هێڵدراوە واتا لێرەدا لە هەر بارودۆخێکدا کور دەتوانێ هەواڵ لە باوکی بدات بگرە دەکرێ ناچاریش ببێت کە هەواڵ لە باوکی بدات بەپێی بیرو ڕای یاسادانەر، بە هیچ شێوەیەك ڕەچاوی پەیوەندی خێزانی نەکراوە، پێمانوایە کە دەبێت لە نزیکترین کاتدا مشوری ئەم بۆشایە یاساییە بخورێ و چارەیەکی یاسایی گونجاوی بۆ بکرێ لەڕێگای هەمواری یاسای تایبەتمەندەوە، لە کۆتایی توێژینەوەکەمان هەوڵدەدەین ڕێگە چارەیەکی یاسایی گونجاو پێشنیار بکەین.

ئێمە پێمان وایە گونجاندنی هەواڵدانی ناچاری دەکەوێتە ژێر ڕکێفی ماددەی (39) لە یاسای سزاکان (111/1969) کە تایبەت کراوە بە ئەرك و بە جێهێنان لە چوارچێوەی هۆکارەکانی شیاندن.

## بەشی دووەم

## ڕێگرییە سزاییەکان و ڕێگرییە بەرپرسیاریەکان

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان بەکەموو کورییەکان کرد و دیاریمانکردن پێمان وایە کە دەبێت ئەم کێماسیانە بە ڕێگای یاسایی و تۆکمە بەری چارەیان بۆ بگیرێتە بەر و نەهێلدرێت ئەم بۆشاییە یاساییانە هەرا بمێننەوە چونکە ئاشکرایە مەبەست لە دەرکردن و پەیرەو کردنی یاساکان خزمەت و کار ئاسانییە بۆ مرۆڤ نەك هێنانە بەری کێشەو ئاستەنگی، لە کۆتایدا یاساکان لەلایە مرۆڤەوە دەردەکرێن وە مرۆڤیش هەرگیز بەدەر نییە لە کەمو کورتی و هەلە بەڵام گرنگە لە کاتی درککردن بە هەلەکان بە زوویی دەست بۆ چارەسەر و ڕێگە چارە ببرێ، بەتایبەت کاتێك درك بە بۆشاییێکی یاسایی دەکرێ ئەوا پێویستە هەرچی زووە پەل بۆ چارەسەر بهاوێژرێ چونکە یاساکان پەیوەستن بە تەواوی کۆمەلگاوەو ناکرێ پشتگوێ بخرێ، تەنانەت ئەگەر بۆشاییەکی ئەوتۆش بەدی نەکرێ هەر پێویستە یاساکان بەردەوام لە نوێ بوونەوە دابن و هەولبدرێ بگونجێندرێ لەگەل پێویستییە کانی سەردەم.

هەردوو ئەو چەمکانەی هەڵمانبژاردوون بۆ ئەم بەشەی توێژینەوەکەمان لەپاڵ گرینگی سەربەخۆیان پێمانوایە دەکرێ سودێکی ئەوتۆی لێ ببیندرێ بۆ چارەکردنی کێشەی توێژینەوەکەمان، هەربۆیە بە پێویستمان زانی پێش ئەوەی بچینە ناوەرۆکی بابەتەکەمان و ئاماژە بە گرینگی ڕۆلی ئەم دوو چەمکە بدەین لە چارەکردنی کێشەی توێژینەوەکەمان پێویست دەکات سەرەتا هەردوو چەمکی یاسایی ڕێگریە سزاییەکان وە ڕێگریە بەرپرسیاریەکان روون بکەینەوە بۆیە ئەم بەشە تایبەت دەکەین بە روونکردنەوەیان بە پێی یاسای عێراقی.

## لقی یەکەم

## ڕێگرییە سزاییەکان

یاسادانەری عێراقی لە یاسای سزاکانی عێراقی ئاماژەی بە دوو حاڵەت کردووە کە کەسی ئەنجامدەری تاوان سزا نادرێ و دەبەخشرێ لە سزادان وەك لە مادەی 37 دا هاتووە ( 1–کەس بۆی نییە بەهانە بە ئاگادار نەبوون لە حوکمەکانی ئەم یاسایە یان هەر یاسایەکی دیکەی سزایی بگرێت مەگەر هێزێکی بالاّ ڕێگر بووبێ لە ئاگاداربوونی لەم یاسایەی کە سزای بۆ تاوانەکە دیری کردووە. 2– دەکرێت دادگا ئەم بیانیە لە سزا ببورێت کە ئەو پەری حەوت ڕۆژە گەیشتووتە عێراق تاوانێك ئەنجام بدات گەر سەلما لە یاسا ئاگادار نییە و یاسای شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی سزای بۆ ئەم تاوانە دانەناوە).

لەبەر ئەوەی هۆکارەکانی ڕێگریە سزاییەکان لەسەر شێوازی نمونە هاتوون بۆیە ئەم هۆکارانەش دەبنە ڕێگر لەبەردەم سزادانی بکەری تاوان، تاوانی ڕێکەوتنی ت ئەمەش چونکە هیچ کردەوەیەك ئەنجامدراوە و تەنها ڕێککەوتن کراوە، شاردنەوەی سەربازانی هەڵاتوو لە لاین هاوسەر و دایك و باوك و منداڵ و نەوەکانەوە ئەمەش بۆ ئەوەی شیرازەی خێزان تێك نەچێت، تاوانی رفاندن لە کاتی هاوسەر گیری و بوختان... . هەموو ئەوانەو چەندانی تر بە پێی بارودۆخ سەرەرای بە تاوان هەژمار دەکرێك بەڵام بەهۆی هۆکاری ڕێگرییە سزاییەکان کەسی ئەنجامدەر دەربازی دەبێ لە سزادان.

**یەکەم – پێناسەی ڕێگریە سزاییەکان:**

پاساوێکی یاساییە بۆ لێخۆشبوون لە سزا بە مانەوەی خەسڵەتی تاوانەوە بە کردارەکەوە وە بکەری تاوان بە بەرپرسیاری تاوان دەمێنێتەوە بەلام تاوانبار دبووردرێت لەو سزایەی یاسا بۆ تاوانەکەی دیاری کردووە دوای ئەنجام دانی تاوانەکە ، ئەمەش بە پێی ئەو بارو دۆخانەی کا یاسا دیری کردوون.

**دووەم – جیاوازی ڕێگرییە سزاییەکان وە هۆکاری ڕەوایەتی :**

ڕووی جیاوازی ئەم دوو چەمکە لە دوو خاڵدا دەردەکەون بەم شێوەیەی خوارەوە کاتێك تاوانێك ڕوودەدات و دەکەوێتە ژێر کاریگەری هۆکارەکانی ڕەوایەتی ئەوا تاوانەکە کۆڵەگەی یاسایی خۆی لەدەست دەدات کردارەکە دەبێتە کردارێکی ڕەوا وە کەسی بکەر دەربازی دبێ لە سزادان هەروەها کاریگەری هۆکاری ڕێگەپێدان سەرەرای بکەر دەکەوێتە سەر هاوبەشەکانیشی و لە سزا دەرباز دەبن، بەلام ڕێگری سزادان تاوانەکە کۆلەگەی یاسایی خۆی لەدەست نادات هەر بە تاوان دەمێنێتەوە و تەنها بکەری تاوانەکە لە سزادا دەبەخشرێت ئەمەش بە پێی حالەتە دیریکراوەکان لە لایە یاسا دانەرەوە هەروەها کاریگەریەکە سنووردارە بۆ کەسی ئەنجامدەر و هاوبەشەکان دەربازیان نابێت لە سزادان[1].

## لقی دووەم

## ڕێگرییە بەرپرسیاریەکان

یاسادانەری عێراقی لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (111)ی سالی (1969) لە ماددەی (60) بە شێوازە پێناسەی بەربەستەکانی بەرپرسیارەتی کردووە :

دەقی ماددەی (60) : (لێپرسینەوەی سزایی لەگەل ناکرێت ئەوەی لەکاتی تاوانکردن لەبەر شێتی یا نەخۆشی هۆشەکی یا لەبەر دۆخی سەرخۆشی یان هۆشبەری لە ئاکامی بەکارهێنانی موادی بێهۆشکەر کە بە ناچاری پێی درابێ یان زانیاری نەبووبێ یان ویستی لەدەست دابێ ، یان لەبەر هەر هۆیەکی دیکە کە زانست بیسەلمێنێ دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەست و ویست جیا لە ناتەواوی یان لاوازی پێزانین یان ویست لە کاتی تاوانکردن بە بەهانەیەکی سوککاری سزا دەژمێردرێ)[2].

---

[1] حسون عبید هجیج، غلق الدعوی الجزائیة، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی یاسای زانکۆی بەغدا ، 2006. لا134.

[2] دەقی ماددەی (60) لەیاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (111) ی سالّی 1969 ی هەموارکراو.

**جیاوازیەکی پوخت لـە نێوان ڕێگریە بەرپرسیاریەکان وە ڕێگریە سزاییەکان و هۆکارەکانی ڕەوایەتی لـەم خشتەیەی خوارەوە:**

ئەگەر بێت و جیاوازیی بکەین لـە نێوان ڕێگریە بەرپرسیاریەکان وە ڕێگریە سزاییەکان وە هۆکارەکانی ڕەوایەتی بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونی مان هەر لـە پێناسەکانیا جیاوازی فراوانیان مان بۆ دەردەکەوێت بە جۆرێك لـە پێناسەی ڕێگریە بەرپرسیاریەکاندا هاتووە ( بریتییە لـەو هۆکارانەی کە کەسێن وە پەیوەندی دارن بە ئەنجامدەری تاوانەوە کە کێماسیەکی ویستی هەبێت و ئەوەی کە ئەنجامی دەدات ئەوە نییە کە کەسەکە خۆی ویستیەتی بۆیە کەسی ئەنجامدەر بە تاوانبار دانانرێت وە بەرپرسیاری یاسایی ناکەوێتە ئەستۆ نمونە کاتێك کەسەکە زۆریلـێدەکرێت بە ئەنجامدانی کارێك یان توشی شێتی و ناتەواوی ئەقلی دەبێت یاخود بچووکی تەمەنی دەبێتە هۆکار ) هەروەها لـە پێناسەی ڕێگریە سزاییەکان هاتووە ( بریتییە لـەو هۆارانەی کە وا لـە کەسی ئەنجامدەر دەکات دەربازی بێت لـە سزادان لـەکاتێکدا ئەو کارەی ئەنجامی داوە خەسڵەتی تاوانی خۆی لـەدەست نادات وە ئەنجامدەرەکەش بەر پرسیار دەبێ لـە بەرامبەر یاسا بەلام لـە سزای یاسایی کردارە تاوانییەکەی دەبووردرێت نمونە کاتێك ئاشتەوایی دروست دەبێت یان تاوانبەر سوود لـە لـێخۆشبوون وەردەگرێت ) وە لـە پێناسەی هۆکارەکانی ڕەوایەتی دەردەکەوێت ( بریتیین لـەو هۆکارانەی کە کردارێکی تاوانی دەکەن بە ڕەوا وە ئەنجامدەرەکەی دەربازدەکەن لـە سزادان وە لـە بنەڕەتەوە خەسڵەتی تاوان لـە کردارەکە نامێنێت وە ئەنجامدەریش بەرپرسیاری بەردەم یاسا نابێت نمونە لـەکاتی بەرگری ڕەوادا ) کەواتە هەر لـە خودی پێنەسەکانیاندا دەرکەوت جیاوازییەکانیان چیین[1].

لـە کۆتایید پێمانوایە ڕێگرییە بەرپرسیاریەکان بە هیچ جۆرێك ناچنە ژێر ڕکێفی هەواڵدان چوونکە لـە بنەڕەتدا ڕێگرییە بەرپرسیاریەکان خەسڵەتی تاوان هەڵناگرن وە بە تاوان هەژمار ناکرێن.

[1] د. محمود محمود مصطفى، الاثبات في المواد الجنائية، بەشی یەکەم ، چاپی یەکەم، چاپخانەی جامعة القاهرة، 1977،لا132.

# کۆتایی

لە کۆتایی توێژینەوەکەمان گەیشتینە کۆمەڵێك دەرەئەنجام و پێشنیار بەشێوازێکی پوخت دەیانخەینەڕوو بەم شێوازەی خوارەوە:

## یەکەم – دەرەئەنجامەکان :

1- دوای گەڕانەوە بۆ پێناسەی یاساناسان و وەستان لەسەر پێناسەکانیان بۆمان دەردەکەوێت کە **هەواڵدان** بریتییە لە ڕاگەیاندنی بوونی تاوانێك بە لایەنە تایبەتمەدەکان بە پۆلیس یان لێکۆلەری دادی یان دادوەری لێکۆلینەوە بۆ دەستکردن بە ڕێکاری یاسایی بێ گوێدان بەوەی کە کەسی هەواڵدەر سکالاکارە یان تاوان لێکراوە یان کەسێکی بیانییە.

2- گەیشتینە ئەوەی **کە هۆکاری ڕەوایەتی** بریتییە لە بارودۆخێکی ماددی یان بابەتی کە بە تاوان هەژمار دەکرێ لە بنەڕەتدا بەڵام لەبەر ئەوەی هۆکارێکی ڕێگەپێدان بەخۆیەوە دەیبەستێتەوە ئەو کردارەی کە ئەنجام دراوە بی یاسایی دادەنرێ وە بکەرەکەی لە سزادان دەربازی دەبێ و بێتاوان دەردەچێت.

3- **ڕێگریە سزاییەکان** پاساوێکی یاساییە بۆ لێخۆشبوون لە سزا بە مانەوەی خەسڵەتی تاوانەوە بە کردارەکەوە وە بکەری تاوان بە بەرپرسیاری تاوان دەمێنێتەوە بەلام تاوانبار دبووردرێت لەو سزایەی یاسا بۆ تاوانەکەی دەری کردووە دوای ئەنجام دانی تاوانەکە ، ئەمەش بە پێی ئەو بارو دۆخانەی کا یاسا دیاری کردوون. هەرچی **ڕێگرییە بەرپرسیاریەکانن** بریتین لەو کردارە تاوانیانەی کە خەسڵەتی تاوانی لەدەست دەدەن وەك و شێتی یان بچووکی کە لێرەدا ئەنجامدەر ناکەوێتە ژێر باری تاوان و بەرپرسیارەتی یاساییەوە.

4- **هەواڵدەری نهێنی** بریتییە لە هەواڵدان لە تاوان بە ڕێگای نهێنی کە ناسنامەی هەواڵدەر ئاشکرا ناکرێ لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆلینەوە بە شاراوەیی دە هێڵدرێتەوە لە بەرژەوەندی هەواڵدەر ئەمەش بەپێ ئەو تاوانانەی کە یاسادانەر پێ وەرگرتووە لە هەواڵدەری نهێنی.

5- **خۆ دزینەوە لـە هەواڵدان** بریتییە لـە هەواڵنەدان بە لایەنە تایبەتمەندەکان لـەلایەن ئەو کەسانەی کە بە یاسا پابەندی هەواڵدانی ناچاری کراون.

## دووەم – پێشنیارەکان :

1- هەموارکردنی ماددەی (247) لە یاسای سزاکان (111/1969) لەبەر ئەوەی پێمان وایە لەم مادەیە بۆشایی یاسایی بەدی دەکرێت بە جۆرێك پێویستبوو جیاکاری بکرابایە لە نێوان هەندێك کەسدا لە بەر پرسیاربوونیان لەبەردەم یاسادا بە پابەند نەبوون لـە هەواڵدانی ناچاری.

2- لـە هەواڵدانی ناچاری ئەندامانی خێزان جیاکاریان بۆ بکرێت بە جۆرێك یاسا پابەندیان نەکات بە هەواڵدان لـەسەر یەکتری چوونکە ئاشکرایە کە کێشەی کۆمەلایەتی لیٚ دەکەوێتەوە وە دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان.

3- پێشنیار دەکەین چیدیکە زیاتر گرینگی بدرێت بە پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتیەکان لـەلایەن یاسادانەرەوە لـە کاتی یاسا دانان چوونکە ئەگەر یاساکان ببنە هۆی تێکدانی شیرازەی خێزان ئیتر یاساکان خەسڵەتی دادپەروەری لـە دەست دەدەن و لـە جیاتی بوون بە هۆکاری ئاشتەوایی کۆمەلایەتی سەردەکێشێت بۆ دووبەرەکی کۆمەلایەتی.

4- پێشنیار دەکەیەن بۆ چارەسەری کەموو کوریەکانی ماددەی (247)ی یاسای سزاکان(111/1969) هەواڵنەدانی ئەندامانی خێزان لـەسەر یەکتری پەیوەستی هۆکارەکانی ڕەوایەتی بکرێت بۆ ئەوەی پەیوەندییە خێزانیەکان بپارێزرێن وە ئەدنامانی خێزان ناچار نەبن لـەبەردەم یاسادا هەواڵ لـەسەر یەکتری بدەن.

5- هەروەها لە ماددەی (47)ی یاسای بنەما دادگەریکاندا (23/1971) هاتووە کە هەرکەسیٚ ئامادەی ڕوودانی تاوانێك بوو بێت دەبێت هەواڵ بدات بە لایەنە تایبەتمەندەکان، پێشنیار دەکەین کە هەمواری ماددەی ناوبراو بکریتەوە وە یاسادانەر بە دیاریکراوی ئەو تاوانانە ناو بهێنێت کە دەبێت هەموو کەسێك هەواڵی لیبدات بە ناچاری چوونکە بۆ کەسی یاسایی ئاسان نییە جۆرەکانی تاوانەکان لـە یەکتری جیا بکاتەوە چجای کەسانی ئاسایی کە شارەزایی یاساییان نییە.

# ( ليستی سەرچاوەكان )

## قورئانی پیرۆز

## یەكەم – كتێب :


1. د. أشرف توفيق شمس الدين، شرح قانون الاجراءات الجنائية، ج1، بەبێ شوێنی بلاْوكردنەوە، 2012.
2. القاضي الدكتور جمال الزغبي، النظرية العامة لجريمة الاقتراء في الفقه والقانون والقضاء المقارن، بلاْوكراوەی الحلبي الحقوقية، 2004.
3. القاضي زرار محمود مرادخان، ماهية المخبر والاخبار الكاذب، كتێبخانەی یاسایی هەولێر، هەولێر، 2015.
4. د. سامي النصراوي، شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية، بەشی یەكەم ، چاپخانەی دار الطباعة الحديثة، البصرة،1971.
5. د. سلطان الشاوي، اصول تحقيق الاجرامي، چاپخانەی جامعة بغداد، 1981.
6. د. ضیاء الدین مهدی صالحی، مافی بەرگری رەوا لە یاساكانی عیرقی و ئەلمانی، گۆڤاری بەراوردی یاساكان، كۆمەڵەی یاسای بەراوردی عێراقی، ژ23 ، چاپخانەی الحافظ، بغداد،1994.
7. عبد الامير الكعيلي، شرح قانون اصول المحكمات الجزائية البغدادي وتعديلاته، چاپخانەی المعارف، بغداد، 1967.
8. الاستاذ عبدالامير العكيلي والدكتور سليم حربة، شرح قانون اصول المحكمات الجزائية، بەرگی یەكەم، چاپی دووەم ، چاپخانەی الوالي، بغداد، 2010.
9. علي السماك، الموسوعة القضائية في التحقيق الجنائي العراقي والمحاكمات، چاپی یەكەم، چاپخانەی الرشاد، بغداد1963.

10. د. محمد سعيد نمور، شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية، چاپخانەی دار الثقافة للمنشور والتوزيع، قاهرة ، 2005.

11. د. محمود محمود مصطفى، الاثبات في المواد الجنائية، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی جامعة القاهرة، 1977.

12. محمود نجيب حسني، قوة الحكم الجنائي في انهاء الدعوى الجزائية، چاپی دووەم، چاپخانەی دار النهضة العربية، القاهرة، 1977.

**دووەم – تێزی دکتۆرا و ماستەرنامە و توێژینەوە :**

1- سامي جميل رحيم، رفع مسؤلية جنائية في اسباب الاباحة، ماستەرنامە، بەشی زانستە اسلامیەکان، زانکۆی بغداد، 2002.

2- حسون عبيد هجيج، غلق الدعوى الجزائية، تێزی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، 2006.

**سێیەم – یاساکان :**

1- یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (111)ی سالی (1969)هەموارکراو.

2- یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (23) سالی (1971)هەموارکراو.

3- یاسای داواکاری گشتی ژمارە (159)ی سالی (1979)هەموارکراو.

**چوارەم - بڕیاری دادگا :**

1- بریار / 830–2019 / بلاونەکراوە /دادگای پێداچونەوەی فیدرالی–بغداد / 2019.